**دارەکان نامرن**

کە ڕێگات کەوتە وڵاتی من، لە هەر شوێنێک سەر دانەوێنە، بۆ بەرد، دار ، گوڵە گەنم، گوڵەبەڕۆژە!

لە بیرتە لە پشت دار گوێزەکان، لە ژێر دار بەڕۆکان، لە گەڵ بەرد و گوڵە گەنم و گوڵەبەڕۆژە بە یەکەوە دژییان و ژیانمان گرێدراو بوو. ئێوە گیان و ژیانی ئێمەتان دەپاراست.

ئێمەش هێدی هێدی لە خۆتان فێربووین، ئێوە بپارێزین ، ئاخە ئێمە لە گەڵ یەک گرێدراو بووین، ئێمە یەک بووین.

گەلێک جار هەرکمان لە ئامیزی یەکتردا دەسووتاین، وەک دوێنێ، وەک ئەمڕۆ!

ئەوە قەدەر نیە، جەنایەتە دەرحەق بە تۆ دەکرێ.
ئەوە قەدەر نیە، فەرهەنگ و ناشارستانیەتی قڕژی بنەچەکە دز و جەردەکانە، ئەوان کە لە کۆنی کۆنەوە شارەکانی وەک میلس لە وڵاتی جیرانە کۆنەکەی خۆمانیان ئاگر دا. ئەوان شاری هونەر و فەلسەفە و فەرهەنگ و پارلەمان و قانوونیان ئاگر دا.
ئەوان کە ورگیان با دەکات و خۆ ڕادەوەشێنن، دەڵێن پاڵیان بە شارستانیەتی ٧٠٠٠ ساڵەوە داوە، ئەوان کە شارستانیەتیان لە سووتاندن و وێرانکردن و هەڵواسینی مرۆڤەکاندا کۆدەبێتەوە.

دارەکانی ئێمە دەکەون، دەسووتێن. ئەوان نامرن، ئەوان لە هووندری خۆیاندا ژیلەموو دەژێیننەوە.

برایم فەڕشی
٢٠٢٠/٦/٢٩

